

**شیرین کافی**

## هۆدایەگیان

بۆ ئەو دڵە پڕ لەهیوایانەی کەبۆ پێشوازی لە عەشقی پیرۆزیان
لەباتی گوڵ باران بەرد باران و تیرباران وئاگرباران  کران
ئێمەی مرۆڤ بەئاشکرا مرۆڤ دە کوژین و بە پەنها نیەوە عاشق دەبین
کەگوایەعەشق تاوانەوگەر چی ێمەش لەدڵۆپەیەکی عەشق پێک هاتوین
شەکەت شەکەت ڕوسور ڕوسور بەرەو مەنزڵگای مەرگ هە نگاو دەنێی
هۆدایەگیان
بەترساوی وپەشۆکانی چاوەکانتادڵ نیابوم کەدەتویست بۆ دوجار
ئاوڕلەکۆرپەکەت بدەیتەوەودوانیگای حەپەساوی خۆت لەناوچاوە
ئەستێرەیەکانیدانقوم بکەیت وزیاتربینوسێنی بەسینەتەوەوتێریکی لەڕوحی تاساوت
هۆدایە گیان
ڕوی بێ تاوانیت بکەرەئاسمان وپربەزارەخوئناویەکەت هاواربکەخودایەدوادوعا م لێ وەرگرەو
بەبێ تاوانی خۆم بم بەخشەبۆخاتری سێ خونچەی نەپشکوتووتەنها یەک جاری ترڕێگەم بدە
بۆن بەهەناسەی گەرمیانەوەبکەم ودواحەسرەتی دایکانەیان پێ ببەخشم
پڕبەزارە خوێناویەکەت هاواربکەو پێان بڵێ خەجاڵەت بن بێتاوانیم وەک
خەوێکی زۆر ناخۆش  لەداهاتوتان نابێتەوەئیدی شەوێک نابێت ئێوەڕوحتان
ئارام بێت تێیداگەرچی مرواری چاوەکانت بون بەدەریابەڵام ئێمەی ترساو
ئێمەی تاساولەژێربالّی ڕاست وچەپت وەک نێچیری دەمی هە ڵۆ هە ڵدەلەرزین
لەبەرتاڤگەیگەڵاڕێزانی تەمەنتاخۆمان دەشۆرت ئەفسوس ئەفسوس گوێی شار کپە
لەئاستی هاواری ئێمەتەنانەت خواش گوێ ناگرێ بێدەنگ بێدەنگ لەمردنی تۆدڕوانێ
هۆدایە گیان
گەردواساتی مردنت ئێمەت نەدی بمان بەخشەئاسودەبەهیچ گلەیی لەخۆت مەکە
ڕوی بێ تاوانیت بکەرە خواوپێان بڵێ خەجاڵەت بن داوابکە دەست بە دوعابەخوابڵێ  بم پارێزە  لەئاگری چاوی باوکم
چەند ئێوارەیەکی خەماوی وچەند سەفەرێکی درێژە تۆدەزانی دواساتی پێکەوە بونمانە
دەسامەگری بەس چاوانت ماندو بکە تۆ نازانی بەم گریانەت داهاتوی من شەکەت ئەکەت ئەکەیت
من وخۆتوخواش ئەزانین بێتاوانی ئیدی بەسە ئەم گریانەئە ئەی دایکەجگەرسۆزەکەم ئەی شاژنی بێتاوان تۆناترسی
وسەرت بۆمەرگ داناخەی ئەگەر هاتوبەچاوی پڕلەگریانو
دڵی پڕ لەپەژارەوە دەرفەتیان پێنەدای دەستی لەرزۆکت بەناوقژی ئاڵۆسکاوی
ئێمەدابێنی بمان بەخشە تۆناترسی لەمەرگ تۆ فریشتەی تۆ نامری گەر دەرفەتیان پێنەدای
بۆ دواجارماچ وبۆنی گوڵی گۆنای ئێمەت نەکرد بمان بورەبەشەوقی نیگای چاوەپڕلەخەونەکانت پێیان بڵێ خەجاڵەت بن
دەساڕوی بێتاوانئت هە ڵبڕەبەرەوئاسمان وپێیان بڵێ من نامرم
من دایک ومن شاژن ومن شەهیدم بەئارامی چاو لێک بنێ تۆ لەپاش خۆت لەڕێگەی دوانیگاکانتەوە
ئێمـەت فـێری خۆشـەویـستی کردوتاقەدڵـێکت بۆ جێـهێـشتـین هەتـاهەتـایە بیپەسـستین ئەی دایە.

شیرین کافی